**بۆ کۆچی نوسەر و شاعیر  هەمزە  عەلی دەدە،  کە لە ناوەختا  بە جێی  هێشتین...!!!**



# تەنیایی



شیعری  د. عەباس سالّح

لەو پەرداخە  تەنیاترم
کە نالی  وتی لەسەد  لاوە  شکاوە
لەو ئەرخەوانە  تەنیا ترم
یەک  گەلاّی  پێوە  نەماوە
***

لە کۆڵانەتەنگەبەرەکانی
لە ڕیشۆڵەی سەرپەلی درەختەکان
لە کوکوختی و چۆلەکەی تەزیو
لە کۆتری سەرگومەزەکان دەپرسم
لە ڕێبوار و غەریبی سەرجادەکان
لە سنۆبەرەکانی باخچەی گشتی
لە هەموو لایک دەپرسم
لە هەرچیەک دەپرسم...!
دەڵێت تەنیام و تەنیام
***
ڕۆیشتی و ئاوڕێکت نەدایەوە
کێ لە دواتەوە بەکوڵ دەگریت
ڕۆیشتی و ماڵئاوایت نەکرد...!
نەتوت ئەم هەموو دڵە بەدوامەوەیە
ئەم هەموو یادگارە بۆ
ئەم هەموو شەوە مەستانە
ڕۆیشتی و دواماچم نەکردی
دواقسەت بۆنەکردم...!
دوا ڕۆمانت بۆ باس نەکردم
دواپێکت لەگەڵدا نەخواردمەوە
تەنیام وەکو تەنیایی تۆ
وەکو تەنیایی شەهیدێکی بێ ناونیشان
تەنیام وەکو تەنیایی خوا
بەبێ تۆ تەنیام و تەنیام...!